# ئەیاد جەمال الدین لە وتووێژێكیدا لەگەڵ رۆژنامەوان ڤینۆس فایەق لە لەندەن

- سیستمی عیلمانی مانای دژایەتی كردنی هیچ ئاینێك لە ئاینەكان ناگرێتەوە ، ئێمەش دەوڵەتێكمان ناوێت بە ناوی ئایینەوە حوكم بكات و ئایین بكوژێت...
- من دژی سیستمی ( كۆتا ) م و داوا ئەكەم لابرێت بۆ ئەوەی ژن بە سەربەستی هەموو مافەكانی خۆی بەرجەستە بكات وەكو پیاو...

ئەم وتووێژە لە رۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە 3749 رۆژی دووشەممە 15-08-2005 لاپەڕە حەوت دابەزیوە..



پێشەكی:

ئەیاد جەمال الدین ، ئەو ناوەی بەم دواییە لە ناوەندە سیاسی و ئایینیە عیراقیەكاندا چەند جارێك بەر گوێم ئەكەوت و دووبارە ئەبۆوە ، بەتایبەت لە میانەی باس و خواس سەبارەت بە دەوڵەتی عیلمانی و رەت كردنەوەی دەست تێوەردانی مەرجەعیەتی ئایینی لە كار و باری دەوڵەت.. ئەیاد جەمال الدین ، پیاوی ئایینی لێهاتوو و لێكۆڵەرەوە لە بواری ئایین و سیاسەتدا ناسراوە بە راوبۆچوونە پێشكەوتنخوازەكانی و بانگەشەكردنی بۆ جیا كردنەوەی هەردوو دەسەلاتی ئایین و دەوڵەت لە یەكتر ، لەو كاتەی چەند باڵێكی توندڕەوی ناو شیعە داوای ئەوە دەكەن ئایینی ئیسلام ببێتە بنەمای سەرەكی لە دەستووری عیراقیدا ، ئا لەو كاتەدا ئەو زاتە داوای دامەزراندنی سیستمێكی عیلمانی پێشكەوتنخواز بۆ عیراق ئەكات ، لە باوەڕیەوە كەوا عیلمانیەت تەنها سیستمە زەمینە خۆش دەكات بۆ بەرجەستەكردنی هەموو جۆرەكانی ئازادی و سەربەستیەكان لە ولاتێكی فرە نەتەوە و فرە حیزب و فرە ئایدیۆلۆژیا و ئایین و مەزهەبدا بەبێ دەست تێوەردانی دەوڵەت ،

**لە کاتێکدا سیستمێک لەسەر بنەمایەکی ئاینی دامەزرابێت ڕێگە نادات بە هیچ جۆرە ئازادیەک تەنها ئەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی بە بیانووی ئەوەی دژی ئاینی ئیسلامە ..**

**سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرەوە لە کاروباری ئیسلامیدا ئەیاد جەمال الدین لە شاری نەجەف لە دایک بووە ، لە خێزانی جەمال الدینی ناسراو بە چالاکی سیاسی نیشتمانپەروەری و ڕۆشنبیری ، لە حەوزەی قوم و نەجەف خوێندنی تەواو کردووە ، گوێ دەدات بە فەلسەفە و تەسەوف ، و شیعر دائەنێت..**

**ئەو ماوەیەی بەڕێز ئەیاد جەمال الدین لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بوو بۆ بەشداری کردن لە کاروبارەکانی کۆنگرەی دەستوور کە لیژنەی پشتگیری کردن لە دیموکراسیەت لە عیراق لە لەندەن ڕێکی خست ، کۆنگرەکە 28ی تەمووز دەستی پێکرد و هەتا 31ی هەمان مانگی خایاند، ئەیاد جەمال الدین ئامادە بوو بۆ پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەیەک لە چوارچێوەی تەوەرەی ( ئایین و دەوڵەت ) هاوزەمان نووسەری ئەم بابەتەش یەکێ بوو لە ئامادەبووان بۆ پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەیک لە چوارچێوەی تەوەرەی ( کۆمەڵگای مەدەنی ) ، ئەو کاتە ئەیاد جەمال الدین لە میانەی لێکۆڵینەوکەیدا بە جەختەوە ئاماژەی بە گرنگی جیا کردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی کرد و بانگەشەی بۆ دروستبوونی سیستمێکی عیلمانی کرد بۆ ئەوەی زیاتر بڕ لە سەربەستیەکان بۆ سەرتاپای گەلانی عیراق زامن بکات بە هەموو نەتەوە و بیر و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانەوە. بە باشم زانی لە پەراوێزی دانیشتنەکانی کۆنگرەکەدا وتوێژێک لەگەڵ ئەیاد جەمال الدین ساز بدەنم ، کە ئەتوانم بڵێم یەکەم کەسایەتی ئاینی ناوەندی شیعەکانە پێی بگەم و قسەی لەگەڵ بەکەم ، یەکەم جار دەستم برد تەوقەی لەگەڵ بکەم ، زۆر شارستانیانە دەستی هێنا و تەوقەی کرد ، ئەوەش زیاتر باوەڕی بەخۆم پێ پەیدا کردم بچمە وتووێژەکەوە و بەم شێوەیە قسەمان کرد:**

**ڤینۆس فایەق–لەندەن**

**پ/ ئێوە ڕاتان چیە بەرامبەر بە فیدرالیەت وەک خواستێکی میللەتی کورد ؟**

**ئەیاد جەمال الدین: ئێمە نابێت سەیری فیدرالی بکەین وەک ئەوەی خواستی تەنها میللەتی کوردە ، بۆ ئەوەی ئەوە نەبێتە هۆی دروستبوونی هەستیاری و گومان کردن لەوەی کورد داوای جیابوونەوە دەکات ، بەڵکو ئەبێت بڕوانینە فیدرالی بەو پێیەی خواستی هەموو عیراقە ، بەشێوەیەک جارێکی تر حکومەتی عراقی بینا ئەکرێتەوە لەسەر بنەمای فیدرالی ، و ئەمەش بێگومان بە وتوێژێکی فراوان دێتە دی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی ناو عیراق ، چونکە سیستمی فیدرالی سیستمێکی پێشکەوتووە و لە زۆر لە جێگاکانی دونیا کاری پێدەکرێت ، بەڵام پێویستی بە بڵاوکردنەوەی هوشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری هەیە لەبارەیەوە لە نێوان خەڵکیدا. ئەوانەی دژی سیستمی فیدرالی ئەوەستنەوە بێگومان**

وا تێدەگەن فیدرالی نیمچە جیابوونەوەیەکە ، یان لەبەر روون نەبوونەوەی سنووری فیدرالیە ، یان وا دەزانن هەر هەرێمە سوپای خۆی دەبێت و دامودەزگای ئەمنی تایبەت بە خۆی دەبێت یان دراوێکی تایبەتی خۆی دەبێت ، بەلاَم بێگومان کە هەموو شتێکیان بۆ روون دەبێتەوە و لە مانای راستەقینەی سیستمی فیدرالی تێدەگەن ، تێدەگەن لەوەی فیدرالی گونجاوترین سیستمە بۆ ولاَتێکی فرەکولتوور و نەتەوە و فرەئایین و مەزهەبی وەکوو عیراق ، کە ئەوەش جۆرێکە لە دەستهەلَگرتنی حکومەت لە هەندیٚ لە دەسەلاَتەکانی ، بەلاَم بەمەرجی ئەوەی سنووری فیدرالی دەستنیشان بکرێت ، وەک ئەوەی هەر هەرێمە چی بەر دەکەوێت و چیش ئەمێنێتەوە لە دەسەلاَت بۆ حکومەت ، بۆ ئەوەی هەموو شتێک لای خەلَکی ئاشکرا بێت.

پ: باشە ئەی ئەگەر پرۆژەی فیدرالی نشوستی هێنا؟ ئاَلتەرناتیف چی دەبێت؟ تۆ بلَێی جیابوونەوە یەکێک بێت لە ئاَلتەرناتیفەکان؟

ئەیاد جەمال الدین: جێگا نیە بۆ نشوستی ، من هەمیشە ئەگەری نشوستی دوور دەخەمەوە ، تەنانەت نشوستی قەدەغەیە لەم حاڵەتەدا ، چونکە نشوستی کارەساتێکی گەورەی لیٚ ئەکەوێتەوە لە عیراقدا ، ئەو هێزە سیاسیانەشی لە عیراقدا لە پێشەوەی دەسەلاَتدان لە عیراقدا ئەمرۆ ئەو راستیە باش ئەزانن ، و درکیش بە هەستیاری ئەم قۆناغە ئەکەن ، و مشووری ئەوەش ئەخۆن کەوا ئەزموونی فیدرالی لە عیراقدا سەرکەوتوو بێت.

پ: زانراوە کەوا بەرێزتان باری سەرنجتان هەیە سەبارەت بە سیستمی عیلمانی ، و دەخوازن سیستمێکی عیلمانی لە عیراقدا دروست بێت ، هۆی ئەو خواست و داواکاریەتان چیە؟

ئەیاد جەمال الدین: چونکە سیستمی عیلمانی بە هیچ شێوەیەک مانای دژایەتی کردنی هیچ ئایینێک لە ئایینەکان ناگەیەنێت ، و هیچ ئایینێک لە ئایینەکانیش ناگرێتە خۆی ، ئەوەش مانای ئەوەیە دەولَەت ئەبێتە تەنها دامودەزگایەکی خزمەتگوزاری و لە هەمان کاتدا ئەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوەوە و دەرەوە ، مەرجەعیەتی ئایینی سەرپەرشتی ئایین ئەکات دوور لە دەولَەت ، من ئەلَێم ئێمە دەولَەتێکمان ناوێت بەناوی ئایینەوە حوکم بکات و ئایین بکوژێت ، بەدرێژایی هەموو تەمەنی 14 سەدەی رابردووی دەولَەتی عەرەبی و ئیسلامی ئەوە روویداوە ، ئیدی بۆچی ئەزموونێک دووبارە بکەینەوە ماوەی 14 سەدە تاقیمان کردەوە و سەرکەوتوو نەبوو ؟ ئایینی ئیسلامی حەنیف ئاینێکی تەواوە ، بەلاَم کێشەکە ئەوەیە ئەم ئایینە بەدەست کێوە ئەبێت ؟ یان ئەوەتا ئەو ئایینە حەنیفە بەدەستی پێغەمبەر (د.خ) ەوە بێت ، یان بەدەست ئەوانەی لەو دەچن ، ئەو کاتەش ئایین ئەبێتە ئایینی هیدایەت و میهرەبانی ، یان ئەوەتا ئایین بەدەست ئەهریمەنەوە ئەبێت یان ئەوانەی وەکوو ئەهریمەن وان ، ئەو کاتەش ئایین ئەبێتە ئایینی کوشتن و تیرۆر ، هەر

لەبەر ئەوەش ئەڵێین ئەبێت ئایین رزگارکەین لە دەست زاڵبوونی دەوڵەت و ئەوەش بە جیاکردنەوەیان لە یەکتری ، ئەوەش ناوەرۆکی عیلمانیەتە وەکوو من تێی دەگەم.

**پ: هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە بەرێزتان دەست تێوەردانی مەرجەعیەتی ئایینی لە کاروباری دەوڵەتەوە رەت دەکەنەوە و بەباشی نازانن!!**

**ئەیاد جەمال الدین:** مەرجەعیەتی ئایینی بریتیە لە باوکایەتی بۆ هەموو موسڵمانان ، مەرجەعیەت نە حیزبێکی سیاسیە و نەحیزبی سیاسیشی هەیە ، بەڵکە بریتیە لە حاڵەتی باوکایەتی بۆ کۆمەڵگا ، بەڵام ئەگەر هاتوو مەرجەعیەتی ئایینی پشتگیری کرد لە باڵێکی سیاسی دیاریکراو ، ئەوا ئەو کاتە ئەبێتە لایەنێکی سیاسی و ئەوەش مەترسی هەیە بۆسەر مەرجەعیەتەکە خۆی ، ئێمە لە گۆشەنیگای ئەوەی گرنگە بەلامانەوە ناوی مەرجەعیەت بە رووناک و پرشنگدار بمێنێتەوە و بۆ ئەوەی تەپ و تۆزی سیاسەت نەکەوێتە سەر شانی ، زیاد لە چەند جار وتوومانە نابێت هیچ هێزێکی سیاسی ناوی مەرجەعیەت بۆ مەرامی خۆی بەکاربێنێت ، و هۆیەکی تریش ئەوەیە ئەگەر ئەو هێزە سیاسیانە هێزی ئیماندار و ئایینی بن ئەوا ئەگەری سەرکەوتن و نشوستیان لێ چاوەڕوان ئەکرێت ، ئەگەر سەرکەوتن ئەوا خێری تیایە بێ گومان ، بەڵام لە حاڵەتی نشوستیدا کاریگەریەکە ئەکەوێتە سەر مەرجەعیەت بە راستەوخۆ ، ئەگەر نشوستی هێنا خەڵك ناڵێت فلانە حیزبی سیاسی نشوستی هێنا ، ئەوترێت مەرجەعیەت ، ئەوەش شتێکە ئێمە تەواو رەتی ئەکەینەوە ، و ئەبێت مەرجەعیەت زۆر لەو ئاستە بەرزتر بێت کە مامەڵە لەگەڵ کاروباری سیاسی بکات.

**پ: ئەی وڵاتانی دراوسێ؟؟**

**ئەیاد جەمال الدین:** دارمانی دامودەزگا حکومیەکانی عیراق و نەبوونی سوپا و هیزەکانی ئەمن و ئاسایش هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی عیراق ببێتە مەیدانێك بۆ دەسەلاتی وڵاتانی دراوسێ ، بەڵام ئەو قۆناغە کورتە و بەمزووانە دامودەزگا ئیداری و ئەمنی و ئابووریەکانی دەوڵەت سەرلەنوێ بینا ئەکرێتەوە ، و ئیدی وڵاتانی دراوسێ هیچ شتێکی لەبەر دەستا نابێت زیاتر لەوەی لەسەر بنەمای رێز مامەڵە لەگەڵ عیراقدا بکات.

**پ: ئیسلامیەکان دانیان گرتووە بە داب و نەریتەکانی ئیسلام لە زۆر لە کاروباری کۆمەڵگا و بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە مافەکانی ژنەوە ، لە کاتێکدا ئێمە لە زەمانێکدا ئەژین ژن مافی زۆر شتی هەیە لەوانە مافی سیاسی و سەرکەوتنی بۆ زۆر پلە و پایەی حکومی ، رای بەرێزتان چیە لەم بارەیەوە؟**

**ئەیاد جەمال الدین: ئیسلام لە گۆشەنیگایەکی بەرزەوە سەیری ژن دەکات ، ئەوان ژن بە شەریکی سیاسی پیاو دەزانن ، و نمونەی زۆرمان هەن لە ژنان کە ئەندامی پەرلەمانی عیراقین لە لەچک بەسەرەکان و ئەوانی تریش ، ئیسلام لە مەقامی ژن کەم ناکاتەوە ، و باڵە ئیسلامیەکانیش ڕێگری ئەوە نین ژن ئەندام پەرلەمان بن ، ئەوەتا لە ئێران جێگری سەرۆک کۆمار ژنە ، هەروەها وەزیر و ئەندام پەرلەمانیش هەن و دەوڵەتێکی ئاییینشە ، هیچ خراپیەك نابینم لە ئاڕاستەی ئیسلامیەکان لەو میانەیەدا ، بەڵام ئەوەی ئەمەوێت بیڵێم ئەوەیە بە پێی چ یاسایەك وڵات ئەبەین بەڕێوە نەك کێ حوکمی وڵات ئەکات ئەمە پرسیارەکەیە.**

**پ: بەڵام بەم دواییە چەند دەنگێك لەناو باڵە ئیسلامیە شیعیەکاندا بەرزبۆوە بۆنمونە داوای لابردنی سیستمی (کۆتا) دەکەن ، کە لەگەڵیدا هەموو مافەکانی تری ژن بسەنرێتەوە و گرنگترینیان مافی سیاسیە ، کۆمنتارت چیە لەم بارەیەوە؟**

**ئەیاد جەمال الدین: من بۆ خۆم دژی سیستمی کۆتا دەوەستم ، لەبەر هۆیەکی بچووك ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە یەکسانی ژن و پیاو هەبێت بۆچی ڕێژەی بۆ دیاریکەین؟ دەبێت ڕێژە دیاری نەکەین نە بۆ پیاو و نە بۆ ژن ، و ئامادەگی سیاسیش بە رای من بە نەشتەرگەری نایەتە کایەوە ، بەواتایەکی تر ناکرێ پاڵ بە ژنەوە بنێین بە زۆرەملێ بۆ ئەوەی بچێتە مەیدانی سیاسەتەوە ، ئەبێت خۆی توانای تیا بێت و باوەڕی بە خۆی هەبێت و ئامادەیی هەبێت ، ئەوەتا لە ئەورووپا و ئەمەریکا ژمارەیەکی کەم ژن هەن لەو بوارەدان بەڵام سنووریان بۆ دانەنراوە.**
**باڵە ئیسلامیەکان داوای سەندنەوەی مافە سیاسیەکانی ژن ناکەن ، چونکە هەر لەناو ئەو باڵانەدا خۆی ژنی چالاکی سیاسی هەن ، من لەگەڵ لابردنی سیتستمی (کۆتا)م ، و با شتەکان واز لێبێنین خۆی بە سروشتی بڕوات بەڕێوە ، و با بەزۆر ژن نەخەینە سەر جادەی سیاسەت کە هیچ هەستێکی سیاسیان نەبێت تەنها لەبەر ئەوەی سیستمی (کۆتا) پەیڕەو بکرێت.**

**پ: بەڵام لەگەڵما نیت ئەو ژنانەی لەناو پەرلەماندان زیاتر گوزارشت لە مەزهەبەکانیان ئەکەن وەك لەوەی گوزارشت لە مافەکانی ژن بکەن؟**

**ئەیاد جەمال الدین: ئیستا بە پێی بنەمای ڕێژەکان عیراق ئەبرێت بەڕێوە ، بەو پێیەش ئەو ژنانەی لە پەرلەماندان بەناوی لیستی هەڵبژاردنەکانیانەوە قسەدەکەن ، لە گۆشە نیگای ئەو لیستانەوە ، لەبەر ئەوەش ئەبێت مەسەلەکان واز لێبێنین بە سروشتی بڕۆن بەڕێوە ، و وەکوو وتم با بەزۆر ژن نەخزێنینە ناو ئەزموونی سیاسیەوە تەنها لەبەر ئەوەی ژنن..**

**پ: زاراوەیەك هەیە بەم دواییە چەند جارێك بەر گوێم کەوتووە پێی دەڵێن (العلمانیە المؤمنە) واتا عیلمانیەتی ئیماندار ، راتان چیە بەو زاراوەیە؟ و ئایا عیلمانیەتێك هەیە ئیمانی هەبێت؟ یان بۆ نەوترێت (ئیسلامی عیلمانی) بۆ نمونە ئەگەر مەسەلەکە تەنها ناوە؟**

**ئەیاد جەمال الدین: ئەمە بە باوەڕی من کەش و هەوا خۆش کردنە ، هیچ ناوەرۆکێکی راستەقینەی نیە ، تەنها بۆ ئەوەیە باری سەرشانی موسڵمانەکان سووك بکەن و بیرۆکەی عیلمانیەتیان لێ نزیك بخەنەوە ، بۆیە بە ناوی (ئیماندار) ی ئەپێچنەوە ، عیلمانیەت شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکم ، و نە ئایین نە ئایدیۆلۆجیای نیە ، دواتر ناشتوانرێ بە (ئیماندار) یان شتی لەو بابەتە ناوببرێ ، ئایا ئەتوانرێ تۆپی پێ بە ئیماندار ناوببرێ؟ عیلمانیەت شێوازێکە بۆ بەڕێوە بردنی ولآت بەبێ ئەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت هیچ رەنگ یان ئایین یان باوەڕێك هەڵگرن ، تەنها دامودەزگای خزمەتگوزاری هەیە و بێ لایەنە و خزمەتگوزارەکانی پێشکەش دەکات بە هەموان و مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات لەسەر بنەمای هاونیشتیمانی ، و هیچ جیاوازیەك لە نێوان خەڵکیدا ناکات لەسەر بنەمای ئایین یان مەزهەب یان رەگ یان نەتەوە ، و هەموان هاونیشتیمانین و یەکسانن و یەك یاسا ئەیانبات بەڕێوە.**